# کێ بەرپرسە لەشەڕی نێوان هەولێری و سلێمانی؟؟!!




ئەردەڵان عەبدوڵڵا

من لەوەتی بیرم بێت ، هیچ کاتێک هەولێر لەقسەی خۆش ونوکتەو شۆخی لە سلێمانی نەبرۆتەوە. هێندەی منیش بزانم هیچ کاتێک سلێمانی لەهیچ یاریەکدا بەتایبەت تۆپی پێ لە هەولێری نەبردۆتەوە. بەقودرەتی ئەوخواگیانەش ، هەموویاریەکی تۆپی پێش کەلەسلێمانی کرابێت ، بەدۆڕاندنی سلێمانی و شەڕ کۆتایی هاتووە. هیچ کاتێک سلێمانی لەهەولێری نەبردۆتەوە. رۆژی پێنج شەممەش04.01.2007 هەمان شانۆگەری دووبارەبویەوە*. تاکە جیاوازی ئەوەبوو کە ئەکتەروپاڵەوانی نوێ بەشداربوون و ،جگە لەوەش چەند جنێوێکی تازەش داهێنرابوون . ئەمەی لەنێوان سلێمانی و هەولێردایە ، مێژوویەکی ئێجگار کۆنی هەیە . من لەبیرمە بەمنداڵی هێندە لەکۆڵان باسی (هەولێرە ماست و، بۆری ماستیان) بۆ کردبووین ، تەواو غەسل دەماغ کرابووین . وامان دەزانی هەموو هەولێری دواکەوتوو ،دەبەنگن. وامان دەزانی هەموو هەولێر بۆری ماستە. هەرچەندە من تێناگەم ماس بۆکراوەتە عەیبە ؟! هەمووکوردێک بەیانیان ماست دەخوات ، ئیتر تێناگەم ،بۆچی ئەم ماستە کراوەتە عەیبەبۆ هەولێر ؟! . هەرچەندە لەوەتی پارتی بەیارمەتی سووپای بەعس هەولێری داگیرکردووە ، هەولێر ماستەکەشی نەماوە. هەربۆیە ئێستا ( شێخ زانا!) جێگای ماستی گرتۆتەوە.

دیارە لەهەمووجیهاندا منافەسە لەنێوان شارەکاندا هەرهەبووە. هەر شارەو، گاڵتەو نوکتەی لەسەر شارەکانی تر کردووە. بەڵام لەهیچ شوێنێکی جیهاندا ، بەم شێوەیەی هەولێروسلێمانی نییە. لەوەتی پارتی بەیارمەتی سووپای بەعس هەولێری داگیرکردووە و، سلێمانیش لەلایەن یەکێتیەوە داگیرکراوە، شەڕی نێوان ئەم دووشارە تیژتردەکرێتەوە. هەتا ماوەیەک لەمەوپێشیش ، هاتووچۆی نێوان ئەو دووشارە بەجارێک تێکچووبوو، خەڵکی لەسەر چوون بۆ هەولێر یان بۆ سلێمانی ، لەلایەن یەکێتی وپارتیەوە سزادەدران . پارتی ویەکێتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان ، هەتابۆیان بکرێت ، هانی ناوچەگەری و شارچێتی دەدەن . لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایشدا، رۆژ لەدوای رۆژ ، شەڕی سلێمانی وهەولێری ، لەلایەن یەکێتی وپارتیەوە تیژتردەکرێتەوە. ئەوان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ، ئامادەن هانا بۆ دواکەوتووترین و ناشرینترین و قێزەونترین شێوازبەرن. هەربۆیە پێویستە لەلایەن رۆشنبیران و نووسەرانی ئەو دووشارە هەوڵی جدی بدرێت، بۆئەوەی ئەو حەساسیەت و ناخۆشیە نەمێنێت .

سەرچاوە:

سایتی رۆژنامەی ئاوێنە . 04.01.2007 . www.awene.com